

# ئاوێنەی دووەم

عەلی عەبدولکەریم
ali_abdulkarem@yahoo.se

سوید _ 24_10_2005

من لەسەرخۆ و بە هێواشی دەمەوێ بتدوێنم . من هەر دێم و دەشزانم تۆ هەڵهاتن هەڵدەبژێریت . ئاخر هەڵهاتن لە شەڕی خۆترێن باشترە . من دەمهەوێ پێت بڵێم تۆ تەنها پاسەوانێکی ماڵی پاشای ، پاسەوانیش هەم ناوێکی وون و هەم قێزەونیشە لە مێژودا ، تەنانەت زۆرجاریش ناوی ئەسپ و سەگ و گوێدرێژەکانی پاشا ناسراوتربوون لە ناوی پاسەوانەکانیان .

دەمەوێ بارت بهێنم بە پێوە بوەستی و لە تیشکی خۆر بڕوانی. دەمەوێ ڕاتبێنم دەست و پێت هی خۆت بن . دەمەوێ فێرببی باوەشکەی بە ژیانا . دەزانم ئێستاکە پێم ئەڵێی : ئەمە ئەڵێی لە هەسارەیەکی ترەوە هاتوە . ڕەنگە خۆت واقیعبین ببینی و پێتوابێ ریزی پیاوماقوڵانت هەڵبژاردبێ ، وەلێ ئەگەر ناماقوڵ بگیرایە دەبوایە ئێوە فڕکانفڕکانی خۆشاردنەوەتان بوایە .

تۆ ( بز) یکی ڕەخنەت پێوەکەن ، هاوارت دەگاتە کەشکەلانی فەلەک ، قەڵەمەکەت چوون شمشێرەکەی عەلی بادەدەی و لاپەڕە بە دوای لاپەڕەدا ڕەشی دەکەیتەوە . لەولاوەش بە خەرمان مرۆڤ دەکرێتە خۆڵەمێش ، چیرۆکێ نانوسی . ئەم هەموو لەشکری برسێتی و قامەتی چەماوە دەبینی چوار دێری تێناگری . لە بندەستتا خەریکە قیامەت هەلدەسێ ، لەسەر ماچێ دەیان کچ دەکرێن بەدارا ، نە گڤەی شیعرت دێ و نە تەقەی وتارت . ئەم هەموو مناڵە بۆیاخچی و عەرەبانچی و دەسگێرە دەبینی ، قەڵەمت قوڵپ نادا و وشکانیت لە وشە . لەگەڵ تۆمە پاسەوان ، سەرباز ، هەی وونی ناو مێژوو .

تۆ ئەی پاسەوان ، هەرگیز لە خۆتت نەپرسیوە ڕۆژی چەند جاران وشەگەلی ( قوربان ، جەنابتان ، فەرمووتان ، ئەمری جەنابتانە ) وەکاردەبەی . پێت وایە لەخۆت راببینی لە شوێنگەلێکی گشتیدا مانا و مەعریفەی بەکارهێنانی ئەم وشانە شیبکەیتەوە .

پاسەوان پێی وایە مرۆڤە بچوک و هیچ لەباردا نەبوەکان دەبێ ئەوانی گەورە و بەقیمەت بپارێزن . ئەو پێی وایە هەزاران مرۆڤی بچوک دەبێ قوربانی یەکێکی گەورە بێت . تۆش هەمان دنیابینیت هەیە ، تۆش هاتوی ئەوانی گەورە بپارێزی ، ئەوانی دەسەڵات وەسفکەیت . تۆ کارمەندی قەڵاکێشانی بەدەوری ئەواندا . تۆ ڕۆژانە خەریکی نوسینەوەی وەهمی گەورەکردنی ئەوان و بچوک کردنەوەی خۆتیت .

کە ئەوان پێدەکەنن ، تۆش پێدەکەنیت . دڵیانتەنگە تۆش دڵتەنگیت . توڕەبن تۆ نەرمیت ، نەرمیش بن تۆ هەر نەرمیت . دەنوسیت سەرکەشم ، بەڵام تۆ بەندییت ، ئاخر بەندیش هەر وا دەکات .

سەروەختی مناڵیم پێم وابوو هەموو شاعیر و هونەرمەندەکان ڕاستگۆ و بێفێڵ و شۆڕشگێڕیشن . دەمگوت ئەگەر دنیا بەدەستی ئەمانەوەبوایە ، دەبێ چ گوڵبارانێک بوایە ژیان ، چ بۆنی ڕێحانەیەک بوایە هەناسە . وەلێ فرە عالترە کە بەدەستی تۆوە نیە ، ئەگەر نا بۆ لەتێک نان وەکو خۆتت لێدەکردین ، بچوک بچوکت دەکردینەوە .
دەسەڵات تۆی دەوێت تا لاپەڕەی بۆ ڕەشکەیەوە ، دووەمیشی دەوێت تا پاسەوانێتی بکات ، سێیەمیش گۆرانیی بۆ بڵێت .. هتد ، بەڵام یادت نەچێ هەمووتان هەر پاسەوانی ماڵی میرن ، هەمووتان هەمانکارەن . بەس خۆت بچوک بکەرەوە ، لەگەڵ تۆمە تۆ ، تۆیەک کە دەتوانی وەکو ئێمەبیت . چاوەڕونی نامەی تر بە کە ڕەنگە پێت بگات .